هاوڕێ خۆشەویستەکان
خێزانە ئازیزەکەم کەسە دڵسۆزەکانم

هەروەك ئاگادارن لە مانگی شەشی ساڵی 2007 لەگەڵ چەند منداڵێك بە بەشدار بوین لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی منداڵان لە کوردستان. لەو کاتەدا منداڵێکی 3 ساڵانەی جوانم ناسی ناوی پروشە بوو. منداڵێکی زیتەڵەو دڵخۆشبوو. دوو چاوی رەشی جوانی گەشی پێوەبوو. زۆر لەلام سەیر بو ، چۆن پارێزگاری لە یاریەکانی دەکرد بەرامبەر منداڵانی لە خۆی گەورەتر.
چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هەواڵی نەخۆشی چاوی پروشەم بە تەلەفون لە سلێمانیەوە پێگەیشت. پشکنینە پزیشکیە سەرەتاییەکان نەخۆشی Retinoblastom ی دەرخست. ئەمەش نەخشی شێر پەنجەی چاوە لە تەمەنی منالیدا و ئەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەو چاوەی.
بە یارمەتی هەندێك لە دڵسۆزان توانیمان ناونیشانی پزیشکی تایبەتی لە تەهران / ئێران بەدەست بهێنین. پێداویستی چارەسەرکردن و گەشتەکە بۆ ئێران هەوڵ ئەدەین لە ڕێگای قەرزەوە دابینی بکەین. بوجەی چارەسەرکردنەکە ڕەنگە بگاتە 15000 یۆرۆ. دایك و باوکی پروشە هەژارن و تواناى ئەم مەسرەفەیان نیە ، هەر جەندە سەرچاوەی بژێوی ژیانی باوکی پروشە تەنها[تەکسیەکەیەتی] بۆی فرۆشتوە.
بەداخەوە لەتوانادا نیە ئەو ئەکە بە تەنها بگرمە ئەستۆ .

بۆیە بانگەوازتان دەکەم بۆ ڕزگارکردنیپرۆشە نە بێتە نابینا [ دوا هەل بدەن بە پروشە]

لە ڕێگای ئەم نامەیەوە داوای یارمەتیتان لێدەکەم  تکایە ئێوەش داوا لە کەس و دۆست و هاوڕێکانتان بکەن.
بە هەر شێوەیەک بێ بەڵکو بتوانن یارمەتی بدەن و ورەی دایك و باوکی پروشە بەرز ڕاگرن بێگومان یارمەتیان مایەیی ڕزگارکردنی ژیانی تاقە منداڵەکەیانە لە مەرگ وسەرگەردانی.
بۆنمونە سارەی کچم وێنەیەکی بۆ پروشە نەخش کرد.
بۆیە دەستخۆشی لەهەموو یارمەتیەکتان دەکەین هەرچەند بچووکیش بێت.
هیوای تەندروستی باش و جەژنێکی خۆشتان بەبۆنەی جەژنی قوربانو جەژنی لەدایك بونی حەزرەتی مەسیحەوە بۆ دەخوازین.

ئاگاداری پێویست لەگەڵ ئەم نامەیە بە زمانی ئەلمانی، کوردی، عەرەبی وئنگلیزی ڕاگەیاندراوە.

دڵسۆزتان

2007/12/27

شیلان قادر رشید

Shelan Gader-Reshed
Fichte Str. 62
04275 Leipzig
Deutschland
Tel. 0049-341-6884250